


# وتەی ئەمجارەمان

یەکی ژوئەن ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە منداڵانی جیهان بە گشتی و منداڵانی کوردستان بە تایبەتی پیرۆز بێت.

منداڵە خۆشەویستەکان! بڵاوبوونەوەی ئەم ژمارەیەی دنیای منداڵان هاوکاتە لەگەڵ دوو بۆنەی زۆر تایبەت بە ئێوە منداڵانی خۆشەویست و هاوڕێیانی ئازیزی دنیای منداڵان.

یەکەمیان: یەکی ژوئەن ڕۆژی جیهانی منداڵانە، لەم ڕۆژە دا منداڵانی جیهان جەژن دەگرن و ئەو ڕۆژە بە خۆشی و شادی تێپەڕ دەکەن. منداڵانی ئێمەش لەو ڕۆژە دا جەژنیان گرت و ڕێوڕەسمی تایبەتیان بەڕێوە برد. هەر بۆیەش بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەی دنیای منداڵانمان تەرخان کردوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێوڕەسمانەی کە بە بۆنەی ئەو ڕۆژە خۆشەوە بەڕێوە چوون.

دووهەم بۆنە: ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی دنیای منداڵانە. لە ٥ی ژوئەنی ساڵی ١٣٨١ دا بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بڕیاریان دا وەک دیارییەک بۆ منداڵان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان «دنیای منداڵان» وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بکەنەوە. لەم ڕۆژەوە تا ئێستا کە هەشتەمین ساڵی دەرچوونی دنیای منداڵان تێپەڕدەبێت و پێ دەنێتە نۆهەمین ساڵی تەمەنییەوە «دنیای منداڵان» بە بەردەوامی مانگی جارێک بڵاو بۆتەوە. جێگای خۆیەتی کە ئێمە دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی بە هەمو ئەو بەڕێزانە بڵێین کە تا ئێستا بۆ «دنیای منداڵان» زەحمەتیان کێشاوە و لە گەڵی ماندوو بوون، هەر بەم بۆنەیەشەوە وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە منداڵانی چاوگەش، دڵنیاتان دەکەینەوە کە دنیای منداڵان هەر وەکو جاران بە بەردەوامی بڵاو دەبێتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا داواتان لێ دەکەین کە ئێوە منداڵانی خۆشەویست دنیای منداڵان بە هی






خۆتان بزانن بە بابەت و وەرگێڕان و وێنەو نەقاشییە جوانەکانتان «دنیای منداڵان» ڕازاوەترو پڕ نێوەرۆک تر بکەن.






شاعیران و نوسەرانی هەر نەتەوەیەک ناسنامەی ئەو نەتەوەیەن و جێگای رێز و شانازیی نەتەوەکەی خۆیانن، مەولەویی کورد کە بەمەولەویی تاوەگۆزی ناسراوە یەکێکە لەو شاعیرە پایە بەرزانەی کە لە ناو گەلی کورد دا بۆ هەمیشە ناوی دەمێنێ. شێعرەکانی لە سەر زمانی خەڵک و کتێبخانەکانی کورد پارێزراون. شاعیری هەڵکەوتوو و پایە بەرز سەیید عبدولرەحیم کوڕی مەلا سەعید ناسراو بە مەولەوی ساڵی ١٢٢١ی کۆچی مانگی لە گوندی سەرشاتەی ناوچەی تاوەگۆزیی باشووری کوردستان لە بنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە، مەولەوی هەر لە منداڵیەوە لە لای باوکی قورئانی پیرۆزی خوێندوە و پاشان بۆ خوێندنی ئایینی روی کردۆتە شارەکانی پاوە، سنە و سلێمانی و لە شاری سلێمانی خوێندنی ئایینیی لە سەر دەستی مەلا عبدولرەحمان نۆدشەیی کە ئەو کات موفتیی سلێمانی بوو تەواو کردوە.

مەولەوی دوای تەواو کردنی خوێندن لە شار و گوندەکانی کوردستان خەریکی کارو باری ئایینی و وتنەوەی دەرسی ئایینی بووە. دواتر روی لە تەریقەتی نەقشبەندی کردوە و لە سەر دەستی شێخ عوسمانی سیراجەددینی بۆتە شوێن کەوتوی ئەو تەریقەتە. مەولەوی لە ماوەی ژیانی دا لە گەڵ چەندین کارەساتی دڵتەزێن رووبەڕوو بۆتەوە لەوانە: سوتانی کتێبخانەکەی کە لەوێ دا دیوانی شێعرەکانیشی دەسووتێ، لە دەست دانی عەنبەر خاتونی خێزانی کە مەولەوی هۆگری و ئەوینێکی زۆری بۆی هەبووە، لە دەست دانی چاوەکانی کە هەر ئەوەش بوە بەهۆی ئەوەی کە مەولەوی لە تەمەنی ٧٩ ساڵی دا واتە لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی کۆچی دوایی کردوە.

مەولەوی لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی شارەزا بووە و بە هەر سێ زمانەکە شێعری نووسیوە.

مەولەوی ئەم بەرهەمانەی خوارەوەی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە:

١ـ دیوانی مەولەوی
٢ـ الفظیله: دیوانی شێعری عەرەبیە کە ٢٠٣١ شێعری عەرەبیی لە خۆ گرتوە.
٣ـ العقیده المرضیه: ٢٤٥٢ شێعری کوردی لە خۆ گرتوە.
٤ـ الفوانیح: دیوانی شێعری فارسییە کە ٥٢٧ شێعری فارسی لە خۆ گرتوە.
٥ـ کتێبێک لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی.

ئا: فەرشید محەممەدی

## هێزی وشەکان

چەند بۆقێک بە دارستانێک دا تێدەپەڕین، لەناکاو دوو لە بۆقەکان کەوتنە ناو چاڵێکی قووڵەوە. بۆقەکانی تر لە دەوری چاڵەکە کۆبوونەوە. دووای ئەوەی کە زانییان چاڵەکە زۆر قووڵە، بە دوو بۆقەکەیان گوت: کە ئەم چاڵە زۆر قووڵەو، پێم وانییە بتوانن بێنەوە دەرێ و هیچ رێگەیەک نابینرێ بۆ رزگاربوونتان و بەم زووانەش هەردووکییان دەمرن.



دوو بۆقەکە گوێیان لەو قسانە نەگرت و، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی لە چاڵەکە بێنە دەرەوە. بۆقەکانی تریش لە دەوری چاڵەکە هەر دەیان گوت ئێوە ناتوانن لەو چاڵە بێنەدەرەوەو لەخۆڕا هەوڵ مەدەن.

لە ئەنجام دا یەکێک لە بۆقەکان باوەڕی بە قسەکانی بۆقەکانی تر هێناو دەستی لە هەوڵدان هەڵگرت و دواتر لە ناو چاڵەکەدا مرد. بەڵام بۆقەکەی تر هەر هەوڵی دەدا کە لە چاڵەکە بێتە دەرەوە، هەر کە بۆقەکان هاواریان دەکرد هەوڵدانت بێسوودە، ئەو سوورتر دەبوو لەسەر هەوڵدان بۆ هاتنە دەرەوە. تا لە ئەنجام دا بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر توانی لە چاڵەکە بێتە دەرەوە.

کاتێک لە چاڵەکە هاتە دەرەوە، بۆقەکانی تر لێیان پرسی: «ئەوە چۆن بوو بەقسەی ئێمەت نەکرد؟»

بۆیان دەرکەوت کە ئەو بۆقە نابیسێ و گوێی لە هیچ نابێت، لەو ماوەیەدا کە ئەوان بە دەوری چاڵەکەدا دەهاتن و دەچوون و هاواریان دەکرد کە هەوڵدانت لەخۆڕایەو تۆ ناتوانی بێیتە دەرەوە، ئەو بۆقە هەر وەیزانیوە کە ئەوان هانی دەدەن بۆ هاتنە دەرەوە.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: هانا وریا

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



ژن: ئەگەر ئەمشەو نەمبەیەوە بۆماڵی بابم چی دیکە من نابینییەوە

پیاو: لە بەر چی؟

ژن: لە بەر ئەوەی هەر دووک چاوت دەردێنم

ئەحمەد: دوکتور پێی وتووم کە لە کاتی کار کردندا نابێ سیگار بکێشم

عەلی: پێم خۆشە، کە واتە ئێستا چی دیکە سیگار ناکێشی؟

ئەحمەد: نە ئێستا چی دیکە کار ناکەم.

مامۆستای دارشتن بە قوتابیەکانی گوت: لە سەر ئەوە کە ئەگەر بەڕێوەبەری (مودیر)ی قوتابخانە بووایەن چیتان دەکرد بنووسن

هەموو قوتابییەکان خێرا دەستیان کرد بە نووسین، جیا لە یەک قوتابی کە بێدەنگ دانیشتبوو و لە پەنجەرەی پۆلەکەوە سەیری دەرێی دەکرد.

مامۆستا لێی پرسی تۆ بۆ نانووسی؟

قوتابی: من مودیرم، ماتڵم تا مونشییەکەم بێت و شتەکانم بۆ بنووسێت.

کاک ئێدوارد بەرادەیەکی زۆر حەزی لە گۆرانی وتن بوو بەڵام زۆر خراپ گۆرانی دەوت.هەفتەکەی پێشوو بۆ نانی ئێوارە لە ماڵی هاورێکەی بانگهێشت کرابوو. هەندێک میوانی تریش لەوێ بوون. چێشتێکی خۆشیان خوارد، دواتر خانەخوێیەکە داوای لە کاک ئێدوارد کرد و وتی: فەرموو هەندێک گۆرانیمان بۆ بچڕە. کاک ئێدوارد زۆری پێ خۆشبوو دەستی کرد بە وتنی گۆرانییەکی کۆن لەبارەی چیاکانی ئیسپانیاوە. میوانەکان بۆ ماوەیەکی کەم گوێیان لێ گرت کە لەو ناوەدا ژنێکی قژوچاورەش دەستی کرد بە گریان. یەکێک لە میوانەکان هاتە لای و وتی: تکایە مەگری تۆ ئیسپانی؟

پیاوە گەنجەکەی تر پرسی: ئیسپانیات خۆشدەوێ؟

ژنەکە وتی نەخێر من ئیسپانی نیم بەڵام گۆرانیبێژ و مۆسیقام خۆشدەوێ.

نووسینی: L.A.hill

وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: ترێ بۆکانی

## یەکی شەش

ئەمڕۆ ڕۆژی مناڵە خۆشترین ڕۆژی ساڵە

شایی و ئاهەنگ گێڕانە بەزمەو چەپڵەڕێزانە

ئێمە هەوێنی ژیانین دوارۆژی نیشتمانین

زۆر حەزمان لە زانستە پاشە ڕۆژمان مەبەستە

ژڕی تەمبەڵی و سستین زۆر تینووی خۆشەویستین

ژڕی خەڵکی بەدفەڕین ئاشتیخوازین، لاشەڕین

خونچە پەپوولەی وردین بە شانازییەوە کوردین

چەپکی گوڵی سوورو گەش پێشکەشە بە یەکی شەش

هەمزە ئاگوشی

www.Kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.

سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، ناسح خاکی، تریفە سادقی *

مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە

mndalanykurd@yahoo.com

دنیای منداڵان

منداڵەکان بەیانیتان باش!
بەیانیی ئەم یەکشەممەیەتان باش!

ببو و ر ن ، یەکێک لە ما مۆ ستا ی چیر ۆ کە شیر ینە کا ن ، ئەم بەیانییە ناتوانێ بێتەوە پۆل.. ئەو بۆ هەمیشە ڕۆیشت بۆ سەفەرێکی دوور... دەزانم دڵتان بۆی تەنگ دەبێ! نا نیگەران مەبن، ئەو بۆ سەفەرێک ڕۆیشت تا هەمیشە ناوی لە دڵتاندا بمێنێتەوە....

نا نا نیگەران مەبن. ئەو لە نەققاشییەکانتان، لە نێو تنۆکی باران، لە شێعری شاعیران، لە گۆرانییە خۆشەکان، لە ڕووحی عەشق،لە پاکی و جوانیی ئەم نیشتمانەدایە.

ئەو ڕۆیی، بوو بە میوانی ئاسمان و باران و مانگ و ئەستێرەو هەتاو .....

لەبیرتان نەچێ فێری کردن هەمیشە بە ڕووی ژیاندا پێبکەنن، تاکوو ژیان بەرووتانا پێبکەنێ.

ئەو ڕاهێنانێکیشی لە دەفتەرەکانتاندا نووسیوەتەوە، ڕاهێنانێک کە تا ئەو ڕۆژەی خوێن لە دەمارەکانتاندا بێ لە یادی ناکەن و ئەینووسنەوە.... نیگەران مەبن ئەو بە سەری بەرزەوە ڕۆیی.. سەری بەرز.

دەزانن چی لەگەڵ خۆیدا برد؟ مەشق و تەکلیفەکانتان و .. ئا ئا بیرم هاتەوە ئەو دیارییەی لە ڕۆژی مامۆستادا پێشکەشتان کرد (بزەی سەر لێو ی ئێوەی لەگەڵ خۆیدا برد، ئاخر ئەو ئێوەی زۆر خۆش دەویست. بۆیەش بوو بە مامۆستا بۆ ئەوەی لە دنیاکەی ئێوە جیا نەبێتەوە. شتێکی دیکەش! ئەو ملوانکە میخەکەکەی دایەشی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی بە یادی هەموو دایکە ئازار چێشتووەکانی نیشتمانەکەی، هەموو بەیانییەک بۆنی پێوەکات.

ئەو هەموو دایکێکی خۆش دەویست، چونکە هەموو منداڵێک یەکەم وانەی خۆشەویستی لە دایکییەوە گوێ لێ دەبێ.

ئێوەشی بە هەتاو و ئاسمان و باران سپاردوە. دەی ئێوەش بڵێن ماڵاوا مامۆستا گیان، سەفەرت خۆش! سەفەر خۆش .... منداڵە ئازیزەکان! دەزانم ئێستا دەزانن کام مامۆستاتان دەڵێم،



بەڵێ مامۆستا فەرزاد کەمانگەر ئەوەی کە ١٣ ساڵ بوو مامۆستاتان بوو. مامۆستا فەرزاد ٤ ساڵ بوو لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ئازار و شکەنجەدا دەژیا. لەویشەوە هەر نامەی بۆ ئێوە دەنارد و لە خەمی ئێوە دابوو. بەداخەوە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گوڵانی ١٣٨٩ بەرامبەر بە ٢٠١٠/٥/٩ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ٤ هاوڕێی دیکەی لە سێدارەی دا. دەزانن لەسەرچی لە سێدارە درا؟ چونکە ئەو کوردستانی خۆش دەویست. چونکە دەیویست بە زمانی کوردی دەرس بە منداڵەکانی کوردستان بڵێتەوە، چونکە شێعر و گۆرانیی کوردیی فێری منداڵانی ئەم نیشتمانە دەکرد. چونکە دەیگوت کچ و کوڕ جیاوازییان نیە، ریزەکانمان نابێ لێک جیابکەینەوە، با هەموومان پێکەوە گۆرانی بڵێین، پێکەوە هەڵپەڕین. ئەو زۆر شتی جوانی دەکوت کە هەمووتان بەدڵتان بوو، تەنیا ئەوانەی دڵیان ڕەش بوو و حەزیان لە تاریکی و ترس و خۆف بوو، حەزیان لە قسەکانی مامۆستا فەرزاد نەبوو. با لەوە زیاتر سەرتان نەیەشێنم، کە گەورتر بوون باشتر ئەم مامۆستایەتان دەناسن و باشتر ئەو ڕێژیمەی ئەوی لەسێدارەداوە دەناسن. ئەو ئێوەی پڕ دەکرد لە هۆمێد و خەونی جوان.......

دایکی هانا
١٣٨٩/٢/٢٠

# لە دیداری سەرۆکی هەرێمەوە بۆ بارەگای دنیای منداڵان



سەرۆک ئیبراهیمی ئەو منداڵە کوردەیە کە مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ لە فینلاندەوە وێڕای دایک و باب و برا بچووکەکەی گەڕایەوە کوردستان و چوونە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاک مەسعود بارزانی.

سەرۆک ئیبراهیمی ساڵی رابردوو نامەیەکی روو لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئینترنێت دا بڵاو کردەوە لە نامەکەی دا داوای لە بەڕێز مەسعود بارزانی کردبوو خەمێک لە منداڵانی کوردی دەرەوەی وڵات بخوات، چونکە ئەوان لە تەلەڤزیۆنێکی تایبەت بە منداڵان بێبەشن. دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەڵامی نامەکەی سەرۆک ئیبراهیمی دایەوەو بۆ کوردستان و دیدارێک لە نزیکەوە بانگهێشتی کرد.

سەرۆک ئیبراهیمی رۆژی ٢٢ی بانەمەڕ(١٢ی مای) لەگەڵ باوکی، «کوردنژاد ئیبراهیمی» سەردانی بنکەی «دنیای منداڵان»ی کرد. بە دەرفەتمان زانی و ئەم وتوێژەمان لە گەڵدا ساز کرد:

**دنیای منداڵان: سەرۆک! پێمان خۆشە خۆت بە خوێنەرانی دنیای منداڵان بناسێنی؟**

سەرۆک: من ناوم سەرۆک، شۆرەتم ئیبراهیمییە، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانم. ساڵی ٢٠٠٢ لە ناوچە شنۆ لە دایک بووم. ئێستا لە وڵاتی فینلاند دەژیم، پۆلی یەکی سەرەتایی دەخوێنم.

**دنیای منداڵان: چۆن بوو نامەیەکت بۆ سەرۆک بارزانی نووسی؟**

سەرۆک: ئەو منداڵانەی لە ئوروپا لە دایک دەبن، پێویستیان بە کاناڵی تەلەڤزیۆنیی تایبەت بە منداڵان هەیە. بۆیە پێم خۆش بوو بەنامەیەک داوا لە سەرۆک بارزانی بکەم هاوکاریی منداڵانی کوردی دەرەوەی وڵات بکا.

**دنیای منداڵان: سەرۆک بارزانیت دیت؟**

سەرۆک: بەڵێ زۆر خۆشحاڵ بووم بە دیتنی، ئەو ماچی کردم منیش ماچم کرد.

**دنیای منداڵان: ئەدی کە هاتیتەوە کوردستان چ هەستێکت هەبوو؟**

سەرۆک: زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە کوردستان وڵاتی ئێمەیە. لە کوردستان هەمیشەو هەموو رۆژێ خۆر بە ئاسمانەوەیە، پارکەکانی هەولێر زۆر خۆش بوون.

**دنیای منداڵان: لەم سەفەرە دا ئایا خزم و کەسەکانی خۆت دیت؟**

سەرۆک: بەڵێ مامم دیت، پوورم دیت، زۆر بە دیتنیان خۆشحاڵ بووم. هەروەها نەنکم (دایکی دایکم)م دیت.

**دنیای منداڵان: ئەی لە گەڵ چ کەسانێک بووی بە دۆست و ئاشنا؟**

سەرۆک: لەگەڵ هەڤاڵ رەفیق، هێمن شێخانی، ئاڵان شاداب، هەژار پایمەرد، هەروەها هیوا، پێشەواو کۆمار محەممەدگوڵ.

سەرۆک دەڵێت کە چوومەوە بۆ فینلاند، بە هاو پۆلەکانم دەڵێم من چوومەوە کوردستان و پرێزیدێنتی کوردانم دیت. وێنەی دیدارەکەشیان پیشان دەدەم. لە سەرۆکمان پرسی ئایا منداڵانی هاو پۆلت لە فینلاند دەتوانن پرێزیدێنتی ئەو وڵاتە ببینن؟ سەرۆک وتی: ئەوان تەنیا وێنەکەی دەبینن، یا لە تەلڤیزیۆن دا دەیبینن، بەڵام ئەمن پرێزیدێنتی کوردانم لە نزیکەوە دیت، میوانی بووم، ماچم کردو قسەم لە گەڵ کرد.

لە سەرۆکمان پرسی چ دیارییەک لە کوردستان را لە گەڵ خۆت دەبەیەوە بۆ فینلاند؟

سەرۆک: چەندین ئاڵای کوردستان لەگەڵ خۆم دەبەمەوە.

لە بارەی ژیان و ئیمکاناتی منداڵانی نێو کەمپەکانی دیموکرات پرسیارمان لە سەرۆک کرد،

سەرۆک گوتی: من دوای دیتنی سەرۆکی هەرێم هاتووم بۆ ئێرە، ئەگەر پێشتر هاتبام بۆ ئێرەو دوایە چووبام بۆ لای سەرۆک بارزانی، باسی ژیانی منداڵانی ئێرەم بۆ دەکرد. دەمگوت لە پارک، لە شوێنی یاری و لە زۆر پێداویستی بێبەشن. ئاواتی سەرۆک ئەوەیە، منداڵانی نێو کەمپەکان چی دیکە لەو بێبەشییە دا نەبن و سەرۆکی هەرێم ئاوڕیان لێ بداتەوە.

# چەند دیمەنێك لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە هەولێر

لە ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١ ی زایینی بەرابەر لە گەڵ ١٣٨٩/٣/١١ای هەتاوی بەڕێوە بەرایەتیی ڕۆشنبیریی منداڵان/هەولێر بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان فێستیڤاڵێکی هونەریی بۆ منداڵانی کوردستان لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەڕێوە برد. گرووپێکی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوو سروود و هەڵپەڕکییەک بەشداری ئەو فێستیڤاڵە بوون، کە چالاکیی گرووپی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە جێگای سەرنج و ڕەزامەندیی ئامادە بووانی فێستیڤاڵەکە.








# چەند وێنەیەک لە ڕێوڕەسمی پێکهاتوو لەلایەن ناوەندی منداڵپارێز بۆ منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆیە


عوسمان بێورانی


ڕۆژان ئاگوشی


کۆچەر موئمینی


پێشکەشکارانی ڕێوڕەسمەکە


دیمەنێک لە بەشدارانی ڕێوڕەسم


دیمەنێک لە بەشداریی منداڵان لە ڕێوڕەسمی 1ی ژوئەن دا


گرووپی هەڵپەڕکێی منداڵان


گرووپی شانۆی منداڵانی زەوی سپی


گرووپی سروودی منداڵان


گرووپی شانۆی منداڵان


گرووپی شانۆی منداڵان


گرووپی سروودی منداڵان

# ئایا دەزانن؟

ئایا دەزانن: کە بنێشت جووین لە وڵاتی سەنگاپوور قەدەغەیە و هەر کەس لە شوێنەگشتیەکان بنێشت بجوێت جەریمە دەکرێت؟



ئایا دەزانن: کە کەڵک وەرگرتن لە ئینترنێت لە وڵاتی بێرمە نایاسابیە و هەر کەس بە کاری بێنێت مەحاکمە و راپێچی زیندان دەکرێت؟

ئایا دەزانن: کە ئەشکەوتی قوری قەڵا درێژترین ئەشکەوتی ئاویی ئاسیایە؟



ئایا دەزانن: کە پرۆتئینی هێلکە لە پرۆتئینی گوشت و شیر زۆرترە؟





ئایا دەزانن: کە کێشی نەهەنگ ٢٥ بەرابەری کێشی فیلە؟





ئایا دەزانن: کە هێزی بینینی کوندەبوو ٨٢ بەرابەری هێزی بینینی مرۆڤە؟



# سێ ماسی

لە ناو گۆلێکی بچوک دا سێ ماسی پێکەوە دەژیان. ماسییەکی سەوز کە زۆر ئاقڵ بوو، ماسییەکی نارنجی کە زۆر زیرەک نەبوو و ماسییە سوورەکەش کە زۆر کەم زەین و بێ ئاقڵ بوو.

رۆژێکیان دوو ماسیگر بە لای گۆلەکە دا دەرۆیشتن بریاریان دا کە تۆرەکەیان بێنن و ماسییەکان بگرن.

سێ ماسییەکە گوێیان لە قسەی ماسیگرەکان بوو، ماسییە سەوزەکە کە زۆر زیرەک و ئاقڵ بوو بێ ئەوەی کات بە فیرۆ بدات زوو فریای خۆی کەوت و لەو رێگا باریکەی کە گۆلەکەی بە چۆمێکەوە دەبەستەوە خۆی دەرباز کرد.

رۆژی دوایی کە ماسیگرەکان هاتن بۆ راو رێگەکەیان بەست ماسییە نارنجیەکە تازە بۆی




دەرکەوتبوو کە گیانی لە مەترسی دایە بە خۆی گوت: ئەگەر بیرێکی ئاقڵانە نەکەمەوە دەکەومە داوی ماسیگرەکانەوە، هەر بۆیەش خۆی مراندو کەوتە سەر ئاوەکە.

یەکێک لە ماسیگرەکان وای زانی ماسییەکە مردووە، لە ناو گۆلەکەی دەرهێناو فرێی دایە ناو چۆمەکە، ماسییەکەش ئەو هەلەی قۆستەوەو رای کرد.

ماسییە سوورەکەش کە نەیتوانی لە ئاقڵ وبیری خۆی کەڵک وەرگرێ ئەوەندە بە دەوری خۆیدا هەڵسوورا تا لە داوی ماسیگرەکان کەوت.

وەرگێران لە فارسیەوە: پەیام

سەرچاوە: سایتی کودکان

# مشکە برسییەکە

هەبوو نەبوو، بێچووە مشکێکی چووکەڵە لە مێرگ و دارستانێکی سەوز و خۆشدا دەژیا. ئەو مشکە لە دایکی دابرابوو. زۆر زۆر گچکۆکە بوو. نەیدەزانی چۆن و لە کوێ نان پەیدا بکا. رۆیشت رۆیشت رۆیشت تا گەیشتە دەوری خەرمانێک. بەڵام گەنمی لێ نەمابوو. زۆر گەڕا زۆر گەڕا، لە پڕ چاوی بە قەرتاڵەیەک کەوت. بۆنی پیوە کرد. بۆنی گنمی لێوە دەهات. خەریکبوو لە خۆشیان بفڕێ. بە پەلەپەل ویستی بچێتە نێو قەرتاڵەکەوە. بەڵام قەرتاڵەکە توند پێچرابووەوە. هات بگرێ، بەڵام بەبیری هاتەوە جارێک دایکی پێی



وتبوو رۆڵە گیان، قەت قەت هیوابراو مەبە. بەو قسەیە دەستی کردەوە بە گەڕان. ئاخری لە بنەوەی قەرتاڵەکەوە کونێکی دۆزییەوە. بە کونەکەدا چووە ژوورەوە. هەتا سکی گوتی بەسە، هەر خواردی. لەپڕ سەیری کرد ئەوەندە قەڵەو بووە ناتوانێت بێتەوە دەرێ. دەستیکرد بە گریان. لەو کاتەدا دایکی بەوێدا تێدەپەری. گوێی لە دەنگی بوو. هاتە تەنیشت قەرتاڵەکە، گوتی: ئەوە بۆ دەگرییێ؟ چ بووە؟ بێچووە مشکە گوتی: دایکە گیان من ئەو کاتەی هاتمە نێو ئەم قەرتاڵەیەوە زۆر کز و لاواز و لەڕ و بنێس بووم. بەڵام ئێستا ئەوەندە قەڵەو بوومە ناتوانم بێمە دەرەوە. چ بکەم دەرم بێنە دایکە گیان.

دایکی گوتی: ئەوە دەرت دێنمەوە. بەڵام جارێکی دیکە چوویتە هەر کونێکەوە فکری ئەو کاتەش بکەوە کە دەبێت بێیتە دەرەوە. ئەگەر جارێکی دیکە هەڵت بۆ هەڵکەوت خۆت ئەوەندە قەڵەو مەکە لە رۆژ و کاتی پێویستدا نەتوانیت خۆت دەرباز بکەیت.

ئیتر دایکەکەی لەوێی هێنایە دەرەوە.

رەسووڵ سوڵتانی

# بۆنی دەم

منداڵە خۆشەویستەکان! بابەتی ئەمجارەمان لە سەر دەم و ددان و پاک و خاوێن راگرتنی دەم و ددانەکانتان لە میکرۆبە.

زۆرکەس بەبێ ئەوەی کەبزانێ بۆنێکی ناخۆش لە ناو دەمییەوە دێ کە دەبێتە هۆی جاڕزکردنی دەوروبەرو هاوڕێکانی هەر بۆیە دەبێ گرنگییەکی تایبەت بە دەم و ددانەکانمان بدەین.



حەتمەن دەزانن کە دەبێ شەوانە بەر لە خەوتن مسواک لە ددانەکانتان بدەن و ددانەکان سەرەوەو خوارەوە بە نۆرە مسواک لێ بدەن و بەجوانی نێوان ددانەکانتان بە مسواک خاوێن بکەنەوە تا هیچ پاشماوەی خۆراکی تێدا نەمێنێ و ئەو پاشماوانە لە بەینی ددانەکانتان بێتە دەرەوە، چونکە ئەگەر پاشماوەی خواردن لە بەینی ددانەکان بەجێ بمێنێ، لەوێ دا بۆگەن دەکات و ئەوەش یەکێکە لە رێگاکانی بۆنی ناخۆشی نێو دەم. کەواتە منداڵە ئازیزەکان!



حەتمەن کاتێک مسواک لە ددانەکانتان دەدەن لە بیرتان نەچێ کە بە مسواکەکە سرزمانیشتان خاوێن بکەنەوە، ئەوە نییە کاتێک چاو لە سەری زمانتان دەکەن دەبینن تۆیەکی زەرد سەر زمانتانی داگرتووە ئەو تۆوە زەردە دەبێتە هۆی بۆگەن کردنی نێودەم، چونکە زۆر کەس بە بەردەوامی مسواک لە ددانەکانی دەدات، بەڵام هەر بۆنی لە دەم دێت. ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەو تۆوە زەردە دەگەڕێتەوە کە باسمان کرد، بۆیە حەتمەن لەگەڵ مسواک لێدانی ددانەکانتان سەری زمان و تەنانەت ژێر مەڵاشوتان بە مسواک خاوێن بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو بەڵایەتان لێ دور بکەوێتەوە.

ئەوەشتان لە بیر نەچێ کاتێک بە تایبەت دوای خواردنی گۆشت و شتی لەو جۆرە، خواردن لە نێوان ددان گیر دەکاو بە مسواکەکەش نایەتە دەرێ لە کاتێکی ئاوا دا بەنێکی باریک هەیە پێی دەڵێن خێت. تایبەتی بۆ ددانەکان سازکراوەو دەتوانن کەمێک لەو خێتە لە قامکتان هاڵێنن و ئەو خواردەمەنیەی کە گیری کردووە پێی دەربێنن و دواتر مسواکەکە لێ بدەن. منداڵەچاوگەشەکان! دووکات بۆ ددان شۆردن زۆر باشە. ١ـ شەوانە بەر لە خەوتن. ٢ـ نیوەرۆیان پاش نان خواردن.

سەید جەلال ساڵحی

# جیاوازییەکانی ئەم وێنانە ببیننەوە






کابرایەک بە مەلا نەسرەدینی گوت: مەلا حیساب دەزانی؟

مەلا گوتی: بەڵێ زۆر بە باشی حیساب دەزانم.

کابرا گوتی: ئەگەر ٤ دینارت بدەنێ چۆن لە نێوان ٣ کەس دابەشی دەکەی؟

مەلا گوتی: بە دووکەسیان هەر یەکەو ٢ دیناریيان پێ دەدەم، بە کەسی سێهەمیش دەڵێم راوەستە تا ٢ دیناری کەمان دەست دەکەوێت.

******

مەلا نەسرەدین کوڕەکەی دەبات بۆ لای دوکتۆر تاقی بکاتەوە بزانێ شێتە یا نا!

دوکتۆر بە کوڕەکەی گوت: برۆ ئەو سوزمەیە پڕ کە لە ئاوو بۆمنی بێنە.

مەلا گوتی: دوکتۆر گیان کوڕەکەم ماندووە بۆ خۆم دەچم.

*ئەم ساڵیش وەک ساڵانی رابردوو پۆلێکی دیکە لە منداڵە چاوگەشەکان باخچەی ساوایانیان تەواو کردو ئامادەبوون بۆ چوون بۆ قوتابخانەو قۆناخێکی دیکەی ژیانیان تێپەڕ کرد. بە بۆنەی تەواو بوونی ئەو منداڵانە لە باخچەی ساوایان هەموو ساڵێک لە نێو باخچەکان دا رێورەسمی تایبەت بەرێوە دەچێت. دنیای منداڵانیش بە ئەرکی خۆی زانی لە رێورەسمی هەردووک باخچەی ساوایانی «هەنگ و هەرمۆتە»دا بە کامێراوە بەشداری بکات. ئێمە وێڕای پیروزبایی لەو منداڵە چاوگەشانەی کە باخچەی ساوایانیان تەواو کردوە، ئاواتە خوازین کە لە قوتابخانەش دا سەرکەوتووبن. لەم لاپەڕەیەش دا چەند وێنەیەکی ئەو رێورەسمانەتان بۆ بڵاو دەکەینەوە.*







باخچەی ساوایانی هەنگ



باخچەی ساوایانی هەرمۆتە

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای مندالآن دا



ئاریا رەحمانی



دەریا، دڵنیا و دەروون



نسار کاسب



زەکەریا بەهرامپوور



ئەنار و بێهنام ئولام



ژۆران و ژیلا



پوویا عەباسی



پێژمان عەباسی



ژینا ئیبراهیمی



تروسکە ئەحمەدپوور



فەرزین ئەحمەدپوور




دەریا عەلی نژاد



زرێیار رانسووری



سۆما عومەر